# تا ملکچی یەکی نەخستووین با بۆ ئازادی یەکگرین

## بۆ برایان کاک مەسعود بارزانی و هەڤاڵ مام جەلال تاڵەبانی

هـــــەواڵی ڕێکەوتننامەی ڕۆژی 8.9.2002 ی تێوانتانمان لە شارۆچکەی پیرمام لەسەر خاکی بەخوێن رزگارکراوی وڵاتەکەمان بە دڵخۆشییەوە وەرگرت . بە جێگەیاندنی ئەم ئەرکە کە لەمێژە جەماوەری نەتەوەکەمان و هەموو لایەنەکان بە ئاواتین دەبوو زووتر بکرایە ، وەلێ ئێـستاش ئەو هەنگاوە ســتراتیژییە نەتەوەییە جێگای دەستخۆشکەرییە و وەک وەڵامدانەوەیەکی مێژوویی ئەو ویست و داوایانەش تێیی دەڕوانین . ئاڵۆزی و نادیاری گۆڕانکاری و پێشهاتە نوێیەکان و وەستان لەبەردەم بەرپرستیارێتی نەتەوەیی نەتەوەیەکی 40 ملیۆنیدا بۆ خۆی پێویستی بە یەکێتی و هۆشیاریی و لێکدانەوەی وورد هەیە . ئەمەش تەنها و تەنها بە هاوئاهەنگی و یەکریزیی کردار و گوفتارمان ساز دەبێت .

ئەم هەلومەرجە لەبارە کەوا دەرئەنجامێکـــی ئەرێتی گۆڕانکارییەکانی جیهان تێیدا بە سوودی کورد شکاوەتەوە و چەرخی مێژوو بە قازانجی نەتەوە ستەمدیدەکەماندا دەگەڕێت. هەر چوار داگیرکەرەکەی کوردستان بە جۆرێک "شکستخوارد و لاواز و تاوانبار وگرفتار"ن. باشترین دەرفەتی زێرین و چارەنووسسازی بە رووی ئاسۆی ئاوات و ئامانجەکانی کوردایەتیدا کردۆتەوە .

ئێمە نەتەوەیەکین نیشتمانەکەمان داگیر و دابەشـکراوە و رووبەرووی نامرۆڤانەترین سیاسەت و شێوازی لەناوبردن و وڵات کاوکردن لەسەر دەستی ئەو رژێمە داگیرکەرانەدا بووینەتەوە . کوشـــتن و لە سێدارەدان و تیرۆرکردن و نکۆڵی بوون و ئەنفالکردن و بەکارهێنانی گازی ژاراوی و چەکی کیمیاوی و بایەلۆژی دژمان ، تابلۆی ژیانی بندەستی هەرەشەلێکراویمان دەخاتە روو .

هەتا ئێستاش زۆرمان ووت و زۆرمان کرد و حەسرەتی هەڵەکانمان هەڵکێشا و هەر لە شوێنی خۆمان نەبزواین . هەنووکە مێژوو رووی لەماڵی کوردە و بەسەرمان دەکاتەوە . خۆدۆزینەوە و بە هـــوشیارییەوە هەڵسوکەوت کردن لەم قۆناخەدا و سوود وەرگرتن لە کاریگەریی ئەو فاکتەرە نوێیانەی تێکەڵ بە کێشەکانی ناوچەکەبوون مەرجێکـی سەرەکی و ئەرکێکی گەورەی سەرشانی ئێوەیە .مەسەلەی زەبر وەشاندن لە عێراق و داگیرکردن و گۆڕینی رژێمەکەیی و پارچەپارچەکردنـــی بۆتە مەسەلەیەکی جدی و نکۆڵی هەڵناگرێت . هەبوون و رۆڵی کوردیش لەم نەخشە و ئامادەکارییەدا ، وەک میللەتێکی مافخوراو و قوربانی دەستی تاوانەکانی رژێمی داگیرکەری عێراقی بەمەبەست و فراوانییەوە لەبەرچاو گیراوە .

ئێمەی ( پارتی ســۆســیالیستی کورد ـ پاســـۆک ) بە باوەڕێکی بەرز و هیوایەکی گەشەوە ، لە خانەی بەرپرسیارێتی مێژوویی و کوردایەتیمانەوە ، چۆن لەسەر رێباز و دروشمی نا کوردستانی و هەڵسوکەوتی ناکوردانەتان بە دەنگ دێین ، ئاوهاش پیرۆزبایی لە رەفتار و گوفتاری کوردستانی بوون و کوردایەتی ئامێزتان دەکەین . هـــــەر لەم روانگەیەوە جەخت لەسەر ئەو راستییە دەکەینەوە کە یەکخستنی ریزەکانی بزافی رزگاریخوازیمان ئامانجێکی نەگۆڕ و ستراتیژی ئێمە بووە . هەمیشـــــە بە فاکتەرێکی گرنگی مانەوە و سەرکەوتنمان زانیوە ، بۆیەکا لەگەڵ پاڵپشتیمان بۆ ئەو هەنگاوە داواکارین بە پراکتیکی دەستبەکاری جێبەجێکردنی رێکەوتننامەکەتان بن .

ئێمە ئەم خاڵانە دەخەینە روو لە پێناوی دەوڵەمەندکردن و بەهێزکردنی هەڵوێست و خانەی کوردایەتی ، وە داواکارین ...

× رێکەوتنەکەتان ستراتیژی و بەرهەمی راستەوخۆی رەنج و ماندووبوون و باوەڕ و ئیرادەی سەرکردایەتی هەردوو لابێت . دیـــارە هەر هۆ و هۆکارێکی دەرەکیش وەک پاڵهێزێک بەم ئاراستەیەدا بڕوات ، بە بایەخەوە وەربگیرێت و تێبڕواندرێت .

× سووربوونتان لەسەر مەسەلەی چارەسەری دۆزی کورد لە باشووری نیشتمانەکەماندا لەسەر بنچینەی فدراڵی دەبێت بە سـنووری جوگرافی مێژوویی کوردستانەوە بێت و مەسەلەی کەرکوک و هەموو ناوچە بە عەرەبکراوەکانی دیکە (دڵ و کرۆک و بنەما )ی هەرە ستراتیژ بێت .

× یەکریزی و تەبایی کورد لە بواری ناوخۆ و دەرەوەدا وەک نوێنەری بزوتنەوەیەکی رزگاریخواز نەک ئۆپوزیسونانە بەرانبەر بە دەسـەڵاتی رژێمی عێراقی و مشتومالْدانی گوتاری سیاسی و نەتەوەیی کورد و دەستبەکاربوونەوەی دامودەزگای یەکگرتووی کوردستان و بەشـداری هەموو لایەنە سیاسییە کوردی و کوردستانییەکان و سازدانی هەڵبژاردنێکی نوێ و گرنگی بایەخدان بە پەروەردەکردنی کادێر بـە بیری نەتەوەیی و گیان و هەستی کوردستانی ، ئەرک و پەرۆشی گەورەتان بێت . ئەمەش مەرج و گەرەنتییەکی هەرە گردەبڕ و بەهێز و پێویستیی سەرکەوتن و هەنگاونانە بەرەو دوا ئامانجەکانی رزگاری و سەربەخۆیی تەواو .

× تاوانەکانی داگیرگەرانی کوردستان بە تایبەت لەم دەرفەتەدا هی سەدام و بەعسی عەرەبی بخرێنە روو، وە بەستەزمانی و کەساسـی و قوربانییەکانی کورد زیاتر نیشانی جیهان بدرێت .

سەرنجدان لەم بۆچوونانە و هی دیکەش بە گیان و باوەڕی پێش ئەوەی هەر شتێ بین دەبێ کورد بین بازووی کوردایەتی بەهێزتر دەکات . کارکردنیش لەسەر ئەم زەمینە هزری و سیاسییە بەرەو ئازادی و یەکسانیمان لە کوردستاندا دەبات .

لەگەڵ ئەو پەڕی رێزماندا و هەربژین بۆ کـــورد

ئەیلوولی 9.9.2002 گەلاوێژی 2702

## پارتی سۆسیالیستی کورد ـ پاسۆک